## ئەرکەکانی زمان

بەگشتی زمانەوانان ئەرکەکانی زمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەسنیشان دەکەن:

1-زمان ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی هەست و نەست،ئەمەش بەجۆرەها ڕێگا دەبێت وەك:هاوار و بانگ و قیژە و ... هتد.

2-زمان ڕێگایەکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە وەکو:چۆنی و ڕۆژ باش،کاتێکی خۆش ،ڕۆژێکی خۆش....هتد.

3-زمان ڕێگایەکە بۆ چاك کردنی باری رۆشنبیری و رەوشت و نەهێشتنی تەنگ و چەڵەمە.

4-زمان هەمیشە ڕێگایەکە بۆ بزواندنی مرۆڤ بۆ کردنی هەموو کردەوەیەکی چاك و خراپ.

5-زمان بەکاردەهینرێ بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەستێکی زانستی وەك:ماتماتیك و ئەندازیاری و پزیشکی... هتد.

6-زمان ڕێگایەکە بۆ هەڵخەڵەتاندن و دوورخستنەوەی مرۆڤ لە جۆرەها بیرکردنەوە بەکاردەهێنرێ،بۆ نموونە:داگیرکارە بەدەسەڵاتەکانی جیهان هەمیشە زمان بەکاردەهێنن بۆ شوشتنەوەی مێشکی میللەتە هەژارەکان.

7-زمان ڕێگایەکە بۆ بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی.

8-زمان ڕێگایەکە بۆ ئالۆگۆرکردنی بیروڕا لەناو کۆمەڵەی ئادەمیزاد دا.

## تایبەتمەندییەکانی زمان

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی زمان، ئەوا زمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە بەلاّم لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند دانەیەکیان دیاری بکەین لەوانە :

**- زمان (ڕەمزە) :**

**ئەو نیشانانەیە کە واتاو مەبەستەکەی لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەوە دەردەکەوێت، یاخود هەندێکیان پەیوەندی هۆیی لەنێوانیاندا هەیە، هەندێکی تریشیان لەئەنجامی ڕێکەوتنی کۆمەڵگا لەسەر ئەم بابەتە دیاریکراوەو چەسپێنراوە.**

**وەك (فۆرم و واتا) ، (ئاگرو دوکەڵ)، (نۆتەی مۆسیقا و نیشانەکانی هاتوچۆ، کۆتری سپی و چڵی زەیتون و نیشانەی ڕاست و چەوت)**

**-زمان (دەنگە) :**

**زمان لە کۆمەڵێك دەنگ پێك دێت کە بەکەناڵی جیاوازی بۆری هەناسە و گەرو زمان و بنی مەلاشو و ددانەکاندا تێ دەپەڕێ.**